حکومەتی هەرێم: بەشە بودجەمان لە یاسای بودجەی فیدراڵ بەپێی ڕێژەی 14% دەستنیشانبکرێت

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، داوا لە حکومەتی فیدراڵ دەکات هەردو موچەی مانگی (تشرینی دوەم/11 و کانونی یەکەم/12)ی 2025 و موچە خەرجنەکراوەکانی ساڵانی 2023 و 2024 خەرجبکات و ڕاشیدەگەیەنێت، "بە ساڵی دارایی 2026، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، لە یاسای بودجەی فیدراڵ، بەپێی ڕێژەی 14% دەستنیشانبکرێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، ئەمڕۆ چوارشەممە بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکەمین کۆبونەوەی ساڵی نوێی ئەنجامدا، لە کۆبونەوەدا، گفتوگۆ لەبارەی پوختەی دۆخی دارایی ساڵی 2025 کرا و بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بە ساڵی دارایی 2026 و کارکردن بە خەرجکردنی موچە دواکەوتوەکانی هەرێم و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە، تاوتوێ کرا.

لەمبارەیەوە ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابوری، ڕاپۆرتێکی ورد و پڕ لە زانیاریی دۆخی دارایی خستەڕو سەبارەت بە داهات وخەرجیەکانی ساڵی دارایی 2025 و پێشبینی و

ئامادەکارییەکان بۆ ساڵی دارایی 2026.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، ئەنجومەنی وەزیران جەختیکردەوە کە پێویستە حکومەتی فیدراڵ هەردو موچەی مانگەکانی (تشرینی دووەم/11 و کانونی دووەم/12)ی 2025 و موچەی خەرجنەکراوەکانی ساڵانی 2023 و 2024 خەرجبکات کە بێ هیچ بیانو و هەکارێکی یاسایی و دەستوریی نەیناردون، چونکە موچەی مافی یاسایی وشایستەی موچەخۆرانی هەرێمن و حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان دەستبەرداریان نابێت، هەروەك دادگای باڵای فیدراڵیش جەختی لێ کردەوە کە پێویستە بابەتی موچەی تێکەڵەی ناکۆکییەکان نەکرێت، بەڵکو تایبەتیش کە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوانە، ڕێککەوتنامەی سێ لایەنی هەناردەی نەوتی جێبەجێکردوە و ڕۆژانە بە تێکڕایی 220 هەزار بەرمیل نەوت ئادەستی سەمە کراوە و لە بازاڕی جیهانیی فرۆشراوە و داهاتەکەی بە کاش لە گەنجینەی وەزارەتی دارایی فیدراڵ، وەك داهاتی کۆتایی تۆمارکراوە، ئەمە سەرەڕای ناردنی بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتە نانەوتیەکانی هەرێمی کوردستان و ڵەوانەکردنی تەرازوی پێداچونەوەی مانگانە بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ، بەڕێم سەڕەڕای هەمو ئەمانەش، وەزارەتی دارایی فیدراڵ، هیچ پارەیەکی لە تەرخانکراوەکانی هەرێم بۆ خەرجی بەکاربردن و وەبەرهێنان لە یاسای بودجەی عێراق خەرجنەکردوە، هەرچەندە تەرخانی دارایییش هەبوە.

ئەنجومەنی وەزیران دوپاتیکردەوە کە بۆ ساڵی دارایی داهاتو، دەبێت لە یاسای بودجەی فیدراڵیی حکومەتی فیدراڵ، بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێت و وەزارەتی دارایی فیدراڵ پابەند بکرێت کە بەشەبودجەی هەرێم بنێرێت وەك هەرێمێکی دەستوری و فیدراڵی کە بە پێی دوایین سەرژمێریی عێراق کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە ئەنجامدرا، ڕۆژەی دانیشتوانی هەرێم زیاتر لە 14% ە و دەبێت بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو ڕۆژەیە دەستنیشان بکرێت.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبونەوەدا، گفتوگۆ لەبارەی بەرەوپێشچون و بەردەوامبونی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی سێ لایەنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کرا کە لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی 2025 ، بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێکراوە و ڕێککەوتنەکەش بەردەوامە و نوێکراوەتەوە.

لەم ڕوەوە، کەمال محەمەد وەزیری سامانە سروشتییەکان، داتا و زانیاری پێویستی لەبارەی بڕی نەوتی هەناردەکراو و داهاتی بەدەستهاتوی فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان خستەڕو.

ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی دانوستانی ڕاسپارد ، چوارچێوەی دەستوریی و یاسایی و دارایی بە
ڕێکخستنەوەی بابەتی بودجە وشایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان پشت بە ماف ودەسەڵاتە
دەستوریەکانی هەرێم ئامادە بکات و بکرێتە بنەمای گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ لایەنە
سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی فیدراڵ و لە ئێستاشەوە، لیژنەی
دانوستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران و
وەزیرە کوردەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ
کاربکەن لە پێناو دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم و بە تایبەتیش موچە و
شایستەداراییەکانی موچەخۆرانی هەرێم.